# قەدەری ژیان لە شتە وردیلەکانەوە باشتر ئاوێنە دەبێتەوە

نووسینی: یانە یارلسبۆ/Jeana Jarlsbo (*)
و. لە سوێدییەوە: هەندرێن



Jean Moulin، **هێمای بزاڤی بەرەنگاری فەرەنسی بە ملپێچەکەیەوە**

فیلمە ئەفسانەییەکەی Orson Welles/ ئورسۆن وێلس "Citizen Kane/کانێی هاووڵاتی" بە دیمەنی یادەوەرییەکی گرانبەها دەستپێدەکا، لەوێدا چارلس فوستەر کانێی پیر لە سەرە مەرگدا لەو کاتەی بە دەنگێکی کزەوە دوا وشەی خۆی –Rosenbud گۆ دەکا کەلایەکی شووشەیی لەگەڵ دیمەنێکی زستانی بە یەکێک لە دەستەکانییەوە گرتووە. (کانێ) یەکێک بوو لە پیاوە هەر بەهێزەکانی رۆژگاری خۆی، پیاوێکی سەرنجکێش خاوەن ئاوەزی خۆی بوو کە خولیایەکی سیاسیی گەورەی هەبوو – لای خەڵک خۆشەویست، رقیلێهەڵگیراو، مایەی گفتوگۆ بوو. دوای مردنی رۆژنامەنووسێک هەوڵدەدا لەسەر بە دۆزینەوەی سەرە داوێک بۆ سۆراخکردنی وشە مانادارەکەی "Rosenbud"ئەو وەک مرۆڤێک راستییەک دەستەبەر بکا.

لێ سەرەڕای ئەوەی زۆرێک لە خەڵکە نزیکەکانی (کانێ) باسی ژیان و دیوە جیاوازەکانی کەسایەتییە جوانەکەی ئەو دەگێڕنەوە، کەچی پاشان پەیڤەکەی ئەو دەبێتە مەتەڵێکی هەڵنەهێنراو.

(کانێ) لە بنەچەکەدا سەر بە خانەوادەیەکی هەژار بوو، لێ کاتێک دایکی کتوپڕ دوور لە هەموو چاوەڕوانییەک باری ژیانی باش دەبێ (کانێ) رەوانەی شیکاگۆ دەکا تاکوو لە باشترین خوێنگاکاندا بخوێنێ. زستانی ئەو رۆژە کە ئەو ناچار دەبێ لە دایکی جیابێتەوە شوون پێی ئەو رۆژە لە یادەوەریی ئەودا دەچەسپێت. ئەو کوڕە لەناو بەفرە کەڵەکەبووەکەی پێش ژووری خانەوادەکەی بە گالیسکەی بەفرەخلیسکێ (جۆرە یارییەکە دوو سکەی هەیە مناڵ لەناو بەفردا بەسەرییەوە خلۆر دەبێتەوە، و.کوردی) گەمەی دەکرد،دایکی لەگەڵ دادوەرێکدا لە ژوورەکەوە دێنە دەرێ تاکوو بە (کانێ) بڵێ کە لەگەڵ ئەو دادوەرەوە سەفەرێکی درێژ دەکا. کانێی کوڕی بە دژی ئەوە وەستایەوە، بە گالیسکەی بەفرەخلیسکێیەکەی لەو پیاوە نامۆیەی دەدات، لێ هەموو شتێک بێسوود دەبێ.

ئەو نێوەڕۆیە بارچاوانەی منداڵییەتی دەبنە کلیلێک بۆ دوا پەیڤی (کانێ) کە دیمەنی کۆتایی فیلمەکە ئەوە بۆ بینەران بەرجەستە دەکاتەوە. ئێستا پیاوە کرێکارەکانی ماڵ گواستنەوە خەریکن کۆشکەکەی کانێی کۆچکردوو بسڕنەوە، هەروا ئەوان چەندان کەل و پەلی "بێ بەها" کە هی ئەو بوون، لە نێوان ئەو کەل و پەلاندا گالیسکەی بەفرە خلیسکێی منداڵیەتییەکەیەتی کە لەسەریدا پەیڤێکی هەڵچنراو – "رۆسنبود" دەنوێنێ،بخەنە ناو ئاگرەوە. کەواتە بە واتای وشە نهێنییە ناوەکییەکانی (کانێ) دەچنە ناو دووکەڵەوە.


فیلمه بلیمەتەکەی ئۆرسون وێلیس ساڵ بە دوای ساڵەکان سەرنجکێشانێکی هەمەجۆری لای بینەرانەوە دروستکرد. لە نێوان ئەوانەی کە فیلمی "سیتیزن کانێ/ کانێی هاووڵاتی" کاریگەرییەکی قووڵی بەجێهێشت دەکرێ ئاماژە بە نووسەر و هێڵکاری زیندووی فەرەنسی پیار ئاسیولین بکەین،کە لە کتێبە تازە تازەکەیدا بە ناوی
( " Gallimard, Eclats de bographies/روسنبود. ژیاننامەیەکی پچڕاو. 219 لاپەڕە")،
باسی ئەوە دەکا کە ئەو چۆن توانی بە رێگای ئەو فیلمە گرانبەهایەوە میتۆدێکی نوێ بۆ نووسینی ژیاننامە دەستەبەر بکا. لە کن پیار ئاسیولین فیلمەکەی وێلیس "خشتەی هاوکێشەیەکە بۆ ژیاننامەیەکی مۆدێرن". بە گوێرەی خودی چیرۆکی پیار ئاسیولینەوە ئەو نزیکەی 30 ساڵ لە ژیانی خۆی بۆ نووسینی ئەو ژیاننامەیە و شتە وردیلەکانی "بەهای– روسنبود" وەکوو شتگەلێک، پارچە جلێک ،جووڵانی لەش، وشەیەک یان کارێکی هونەرییەوە، تەرخانکردووە.
هەندێک جار دەکرێ بۆ بینەر هەروەک شتە وردیلەکان وێنەکێشییەک روانگەی مەزەندە نەکراو ئاوەڵا بکاتەوە – بەڵێ تەنانەت بگرە لە گشتییەکدا جگە لە وێنەکێشی پەیامێکی تر پێشنیاز بکا – دەکرێ ژیانی ئێمە هەڵگری هەندێ وردەکاریی "شەبەنگی بێوێنەی نهێنی" بێ. لەمەڕ ئەو تەرزە وردەکارییانەوە وێڕای"بەهای – روسنبود"یشەوە – بۆ نموونە رویسێ–ی رودیارد کیپلینگس رۆڵس، سەعاتەکەی پۆل سیلان، ملپێچەکەی ژان مۆلین (ئەو پاڵەوانە مەزنەی بزاڤی بەرەنگاری فەرەنسی) – کە پیار ئاسولین بەوانە بەشە جودایەکان یان " ژیاننامە پچڕاو"ەکەی هەڵدەچنێ.

پیار ئاسولین بۆمان دەگێڕێتەوە، کە نووسەر و وەرگری خەڵاتی نۆبلی ئینگلیزی رودیارد کیپلینگ سۆزێکی گەرمی بۆ ئوتۆمبێلی کەشخە هەبوو، بە تایبەتیش بۆ مۆدێلی رولس–رۆیس. کیپلینگ لە ساڵی 1911دا خاوەنی مۆدێلی ئوتۆمبێلی رۆلس رۆیس بوو، هەر زوو لەگەڵ مۆدێلێکی تر گۆڕییەوە کە ئەویش، "سیلڤەر گۆست" (جنۆکەی سیلڤەری) بوو، کیپیلینگ بە "دێچس" (ژنە قەیسەر). ئەو ئوتۆمبێلە – "رۆسنبود" – ەکەی ئەو دەبێتە بەشێک لە مێژووە ژان ئامێزەکەی کیپلینگ و کوڕە تاقانەکەی.
کاتێک شەڕی یەکەمی جیهانی دەستی پێکرد (یۆن) کوڕەکەی کیپلینگ تەمەنی حەڤدە ساڵان بوو. بوون بە کوڕی پیاوێکی جوامێری زیندووی وەک کیپلینگ لەگەڵ رۆژگاردا بوو بە بارێکی گران بۆ شانە شکاوەکانی (یۆن). کاتێک لە قوتابخانە پرسیاریان لە (یۆن) دەکرد کە ئاخۆ ئەو کتێبە ناودارەکانی باوکی خوێندۆتەوە ئەویش هەمیشە بە نەخێر وەڵامی دەدانەوە. کیپلینگ هەر لەگەڵ لە دایکبوونی (یۆن)ەوە بڕیاری دابوو کە کوڕەکەی ببێتە لێپرسراوی سەربازیی زەریایی، دەبوو هەمیشەش ئەو ئەرکە بە یادی کوڕەکەی بهێنێتەوە. پیار ئاسولین دەنووسێ، کە شێوازی خۆشویستنی کیپلینگ بۆ کوڕەکەی ئەوە بوو– بە شێوەیەک کە باشترین بڕوانامەی خوێندن و ئایندەیەکی رۆشنی لەناو سەربازیی زەریایی بە کوڕەکەی ببەخشێ.
لێ کاتێک دواجار (یۆن)، کە کەمبینایییەکەی بوو بە مەترسییەک. لای بەڕێوەبەرایەتی دەسەڵاتی سەربازییەوە قەبووڵ نەکرا، بەمجۆرە خەونی کیپلینگ بۆ بێئومێدییەکی قووڵ هەڵگەڕایەوە. شەڕ لەوێدا لە ئارا دابوو، (یۆن)ی لاو بۆ سەربازی بانگهێشتکرا تاکوو ئەرکی وڵاتی دایکی راپەڕێنێ. ئەوە بۆ کیپلینگ، هەرچەندە دەشیزانی کەمبیانیی کوڕەکەی کەمئەندامییەکی مەترسیدار بوو کە دڵی بێ بیداتە دەست ئەو ژیانە سامناکەوە، بەڵام بۆ ئەو شتیکی بەڵگەنەویست بوو، کە (یۆن)یش وەک هەموو پیاوە گەنجەکان بەشداری لەو جەنگەدا بکا.
لە کۆتاییدا کیپلینگ توانی کوڕەکەی لە گرووپی پاسەوانی "ئاریش گارد" بەشدار بێ، لەو ساتەوە چاوەڕوانی هاتنی کارەسات بوو. (یۆن) لە 27ی ئۆکتۆبەری 1915دا بۆ یەکەم دوا شەڕی دەستە و یەخە لە (لوس لە ئارتویس) بەشدار بوو، شەڕێک کە بوو بە گۆمی خوێن. پاشان لە راپۆرتێکدا راگەیەنرا کە

(یۆن) بریندار بووه و چارەنووسیشی بزره. هیچ کام له هاوڕێیه سەربازەکانی دڵنیا نەبوون که ئەو چی بەسەر هاتووه. کیپلینگ هەموو پەیوەندییەکانی له نێوان دیپلۆماتەکاندا بەکارهێنا، ڕووی کرده خاچی سوور، به دوای بچووکترین سەره دەزوولەدا چوو که دەکرا چارەنووسی (یۆن) ڕۆشنبکاتەوە، لێ گشت ئەوانه بێهووده بوون. بۆ کیپلینگ بێ سۆراخی و سەرگەردان بوونی (یۆن) بوو به شۆکێکی ئەخلاقی که هەست به گوناهباریی کردن و ویژدانی خسته ژێر ئازارێکی سەختەوە. هاوکاتیش تەندروستی جەستەی بەرەو تێکچوون چوو. ئەو شۆکه برینه کۆنەکەی که هەرگیز سارێژ نەببوو کولاندەوە: ئەو پێشتر منداڵێکی تری، کیژە گەورەکەی یوسفین له تەمەنی شەش ساڵیدا له دەست دابوو. ئێستا تەنیا ئێلسی کیژی بۆ مایەوە.

کیپلینگ دوای کۆتایی هاتنی شەڕ له (پاس-دێ-کەلایس)دا دەستی کرد به گەڕان به دوای دۆزینەوەی گۆڕی کوڕە جوانەمەرگەکەی، که ئەمەش بێ ئاکام بوو. کیپلینگ به ئۆتۆمبیلەکەی"دوچێس"،ڕۆلس-ڕۆیسی خانەوادەکەی، له شوێنی شەڕ و گۆڕستانەکانی فەرەنسادا به دوای دۆزینەوەی (یۆن)ەوە بەردەوام دەبێ. کاتێک کیپلینگ له 1936دا کۆچی دوایی دەکا هێشتا شوێنپێیەکی دڵنیای کوڕەکەی نەدۆزیبۆوە.

له گۆڕستانی (سانته- ماریا)ی بەیتانیا له (پاس-دە-کالیەس)دا، که شوێنێکه کیپلینگ گەلێک جار به ئۆتۆمبێلی "دوچێس"ەکەی سەردانی کرد، 1922 له گۆڕی ملازمێکی نەناسراودا پاشماوەکانی (یۆن)ی دەستنیشانکرد. تا ئەمڕۆش گومان دەکرێ که کوڕەکەی کیپلینگ به ڕاستی لەوێدا حەشاردرابێ.



**پۆل سیلان به سەعاته دەستییه بەهادارەکەیەوە**

یەکێک له بەشه هەر دڵبەندەکانی کتێبەکەی پیار ئاسۆلینس دا به چیرۆکی سەعاتی دەستی شاعیر ئەلمانی زمان پۆل سیلان بەرجەسته دەبێتەوە. سیلان له 17ی ئەپریلی 1970دا له پاریس بەرانبەر "تیاتر ڕێکمێر" ئێریکی کوڕە 15 ساڵییەکەی دەبینێ تاکوو پێکەوە سەیری نمایشی شانۆیەکی بێکێت "له چاوەڕوانی گۆدۆ"دا بکەن. پاش ئەوەی که پۆل سیلان نەهاتەوە ماڵەوە ئیتر هاوسەرە نیگەرانەکەی بڕیاریدا بچێت بۆ ئەو ماڵەی که لەوێدا سیلان ماوەیەک به تەنیایی ژیانی بەسەر بردبوو. ئەو (هاوسەری سیلان نیشانەی هاوسەرگەریی و سەعاته سویسرەکەی سیلانی لەسەر مێزی پێخەوەکه دۆزییەوە، ئەمەش بۆ هاوسەرەکەی نیشانەی ئەوە بوو که سیلان خۆی کوشتووه - جارێکیان سیلان به هاوسەرەکەی گوتبوو که ئەگەر ڕۆژێک سەعاته خۆشەویستەکەی له زەنگەی دەستیدا جودا بۆوە،کەواته ئەو چیتر له ژیاندا نەماوه. پاشان کاتێک پۆلیس له (ساینێ)دا تەرمەکەی دۆزییەوە خۆکوشتنەکەی بوو به ڕاستییەک.

له ته‌ک به‌رگه جلدکراوه‌که‌ی کتێبی "فاوست"ی گۆته‌دا ته‌نیا ئه‌و کۆنه سه‌عاته ده‌ستییه چوارگۆشه‌یه‌ی مارکه‌ی دۆکسا بوو که پۆل سیلان له رۆژگاری منداڵییه‌تی و لاویه‌تییه به‌خته‌وه‌ره‌که‌یه‌وه لای مابوونه‌وه. سیلان هه‌ردووکیانی له یادی بوونی به 13ساڵییه‌وه له لایه‌ن خانه‌واده‌که‌یه‌وه پێشکه‌شکرابوو. پاش ئه‌و رۆژه ئه‌و هه‌میشه ئه‌و سه‌عاته‌ی له ده‌ستیدا بوو، ئه‌و سه‌عاته بوو به به‌شێک له جه‌سته‌که‌ی، یاده‌وه‌رییه‌کی جه‌سته‌یی گران به‌ها بوو که به‌سه‌رچوو. پۆل سیلان – یان پۆل ئانتشێل که ئه‌وه ناوه راستییه‌که‌ی بوو – له 1920دا له خانه‌واده‌یه‌کی جووله‌که‌ی ئه‌لمانی زماندا له شاری سێرنه‌وتی، بوکۆڤین، که ئه‌وکاته سه‌ر به رۆمانیا بوو، له دایکبووه. سیلان له ژینگه‌یه‌کی رۆشنبیریی چالاکدا هه‌راش بوو – ئه‌و کتێبه‌کانی قووت ده‌دا و هه‌ر زوو له‌گه‌ڵ شیعره‌کانی هۆلدرلین و ریلکه‌دا ئاشنا بوو.

به‌ڵام جه‌نگ به مه‌ترسییه‌کانییه‌وه هه‌میشه ژیانه‌که‌ی ده‌کرده خه‌رابات. له نێوان 1942 و 1943دا خانه‌واده‌ی پۆل ئانتشێل ده‌ربه‌ده‌ر بوون و ئه‌ویشیان بۆ ئۆردوگای زۆره‌ملێ له گوندی تاباریێستی نارد. وه‌ک پیار ئاسیۆلینێ له کتێبه‌که‌یدا بۆمان ده‌گێڕێته‌وه، له‌و رۆژه‌وه سیلان ده‌بوو له هه‌ڵکۆڵیندا به‌رده‌وام بێ، سه‌ره‌تا ئیشی هه‌ڵکۆڵینی زه‌وی بێ و پاشانیش وه‌ک شاعیر خودی زمان هه‌ڵکۆڵی. کاتێک پۆل ئانتشێل له ئۆردووگای زۆره‌ملێدا ئاگادار کرایه‌وه که باوکی به تیفۆ مرد دایکیشی به گولله‌یه‌ک له ملییه‌وه کوژراوه ئیتر کات لای ئه‌و راوه‌ستا – سه‌عاته ده‌ستییه‌که‌ی هه‌میشه بوو به به یاد هێنانه‌وه‌ی ئه‌و جیهانه له ده‌ست چووه.
ئه‌و دوای جه‌نگ ناوه‌که‌ی خۆی گۆڕی، یه‌که‌م جار ناوه‌که‌ی به پۆل ئه‌نسێل گۆڕی پاشان کردی به پۆل سیلان. ئیتر له‌مه به دواوه پۆل سیلان ژیانی له تاراوگه‌دا به‌سه‌ر برد یان راستییه‌که‌ی وه‌ک ته‌نافێکی ژیان له‌گه‌ڵ شیعردا له دۆخێکی نامۆییدا ژیانی به‌سه‌ر برد – "ئه‌گه‌ر شیعر نه‌بووایه ئه‌و ده‌مێک بوو به‌ناو بۆشاییدا دارِما بوو". له ماوه‌ی دوا ساڵه زیندووه‌کانی ژیانی سیلان دا باری ده‌روونه وێرانه‌که‌ی خراپتر بوو، له هه‌ندێک رووه‌وه به هۆی "دوکانی–گۆل" (ئه‌و ناوه ناسراوه به کارگه‌که‌ی سیلان، و. کوردی) که ئه‌و به کۆپیکردن (ساخته)ی ناوی ئه‌و کاره‌وه تاوانبار کرا. ئیتر لێره‌وه ژیانی سیلان بوو به ئاڵ و گۆڕینی نه‌خۆشخانه‌کان، ئه‌و هه‌م به رووی خه‌ڵکی ده‌وروبه‌ری خۆی و هه‌میش دژی خۆی، به ئاسانی تووڕه و تووند و تێژ ده‌بوو. (گیسل) ی هاوسه‌ره خۆشه‌ویست و لێوانڕێژ له ئه‌ڤینداره‌که‌ی،بۆ ئه‌وه‌ی بتوانێ وه‌ک خانه‌واده کوڕه‌که‌ی بپارێزێ، ناچار بوو له‌و ژیانه ناسۆر و دۆزه‌خه‌وه دوور بکه‌وێته‌وه. لێ بۆ پۆل سیلان هیچ گه‌ڕانه‌وه‌یه‌ک له ئارادا نه‌مایه‌وه. بۆیه ئه‌و تاکوو ره‌سه‌نانه خۆی له کات رزگار بکا و "به‌ناو ئه‌به‌دیه‌تدا رۆبچێ"، له رۆژێکی ئه‌پریلی 1970دا بڕیاریدا که له سه‌عاته ده‌ستییه به‌هاداره بێوێنه‌که‌ی جیابێته‌وه.

له نێوان ده‌یان وێنه فۆتۆگرافییه دۆزراوه‌کانی(ژان مولێن) ته‌نیا یه‌کێکیان هه‌میشه به فه‌رمی نیشاندراوه، ئه‌و وێنه‌یه‌ش له‌گه‌ڵ رۆژگاردا بوو به هێمایه‌کی واتادار (ئیکۆن) بۆ بزاڤی به‌ره‌نگاری فه‌ره‌نسی: ئه‌و وێنه‌یه پۆرته‌رێتێکی ئه‌و بوو، که پاڵتۆیه‌کی درێژی تاریک، ده‌سته‌سڕێکی خوریی و شه‌بقه‌یه‌کی پۆشیووه. ژان مولێن دوای به‌هاری دره‌نگی 1940 ه‌وه سه‌رباری باری که‌ش و هه‌واش به گشتی هه‌میشه ملپێچه‌که‌ی هه‌ر له ملی بوو که ئه‌مه‌ش هۆکردی خۆی هه‌بوو: ملپێچه‌که ماکی برینه گه‌وره‌که‌ی گه‌رده‌نی ئه‌وی داده‌پۆشی.
له 17ی 1940دا ئه‌و خاوه‌ن تایبه‌تمه‌ندییه‌کی "پریڤێت" (گه‌نج. وڵاتپارێز)ی بوو که له (لێورێ–ئێت–لویر)دا لای دوو ئه‌فسه‌ری ئه‌لمانی وه‌ریگرتبوو له‌وکاته‌ی ئه‌وی به سواری ئۆتۆمبێلێکه‌یه‌وه بۆ خانوویه‌ک له شه‌قامی (روێ دۆکێور–ماجوری) برد. ژان مولێن پێشتر ئه‌و مه‌زه‌نده کردبوو که هۆکردی

ئەمە چییە: رۆژی پێشتر گرووپێکی منداڵ و ژن لە دەرەوەی (چارترێس) لە نزیک وێستگەی سکەی شەفەمەندەفەردا بە دەمامکدراوییەوە رەشکوژ کران.
ژان مولێن لە ژوورێکدا کە لەوێدا گەلێک ئەفسەری نازییش لە پشت مێزی نووسیندا دانیشتبوون تێگەیشت. ئەوان لەسەر مێزەکەدا پرۆتۆکۆلێکی ئامادەکراویان دانابوو کە فەرمانیان بەسەر ئەو دابوو واژۆی بکا – لە بەڵگەنامەکەدا نووسرابوو کە ئەوانەی ئەو منداڵ و ژنانەیان  بە دزییەوە رەشەکوژیی کرد ئەو سەربازە سەنگالییانە بوون کە لە دوورەوە بە نیشانەگرتن سەربازی ئەلمانیان دەکوشت (ئەو سەبازانە لە دوورەوە، وەک جۆرە بۆسەیەک بە سێرەگرتن ئەلمانییەکانیان دەکوژی. و. کوردی) کە سەر بە لەشکری کۆلۆنیالی فەرەنسی بوون. دەبێ ئەوەش بخەیەنە سەر قسەکانمان کە بە لای نازیستەکانەوە ئەوە لە تێگەیشتن بەدەر بوو  کە وڵاتێکی شارستانی وەک فەرەنسا بتوانێ رێگا بەوسەربازە رەش، بەکرێگیراو نافەرمییانە بدات بێنە ناو لەشکرەکەیانەوە – نازیستەکان ئەو سەربازە سەنگالییە بۆسەدانەوە بە دزیانەی کە بە رەش هێنرا بوون بە "شەرمێکی رەش" ناو دەبرد. ئەو سەربازە بە کرێگیراوانەی کە بوێرانە رووبەڕووی لەشکردی ئەلمانی بوونەوە وەک دەسەڵاتی داگیرکەری نارەوا سەیر دەکران.
ژان مۆلێن رازی نەبوو بەڵگەنامەکە واژۆ بکا و داوای بەڵگەی پشت راستکردنەوەی ئەو بەڵگەنامەی لەوان خواست. دوای ئەوەی نازیستەکان لە هەوڵی رازیکردنی ئەو بێهوودە بوون ئەفسەرە نازیستەکان لە تۆڕی خۆیان دەرچوون و دەستیان کرد بە لێدانی ئەو. ئەو لێدانە کەرامەت پێشێلکردنە حەوت سەعاتی خەیاند، لێ ژان مۆلێن تەواوی ئەو کاتە رازی نەبوو واژۆی خۆی لەسەر ئەو بەڵگەنامەیە ئەلمانییە تۆمار بکا. دواجار ئەفسەرە نازیستەکان لە ژوورێکی تاریکدا فڕێیاندایە سەر دۆشەکێک کە ئەو لەوێدا شەوەکەی بردە سەر. ئەوکات هەستی کرد کە رۆژی داهاتوو ناتوانێ بەرگەی ئەو لێدانە بگرێ، لێ بۆ ئەو واژۆ کردنی ئەو بەڵگەنامەیە واتای سەر شۆڕ بوونی دەگەیاند. ئەو بە دەم دوو رارایيەوە بڕیاریدا بەو پارچە شووشانەی کە بەسەر زەوییەکەوە بوون  قوڕگی خۆی ببڕێ. لە سپێدە زووەکەی رۆژی داهاتوودا  ژان مۆلێنیان بە مەیلە و مردوو بینییەوە، لێ لە نەخۆشخانەدا لە دەست مەرگیان رزگار کرد. پاشان لە کن نازیستەکان هەوڵی خۆکوشتنی ژان مۆلێن وەک "ئینسیدێنت/تەقینەوەیەکی کتوپڕی ترسناک"ی بنەبڕ بینرا.
لە کتێبە دڵ هەژێنەکەی پیار ئاسولینێ دا (ۆلس–رۆیس) ێک،( سەعاتێکی دەستی)، (ملپێچێک) – بە وردەکارییەکانیانەوە لەگەڵ بەهای (روسنبود)ەوە قەدەری جیاوازی مرۆڤەکان لە یەکاتییەکدا بەرجەستە دەبنەوە. شێوازی گرتنەبەری رێگایەکەی پیار ئاسولینێ دەکرێ مەزەندەیەکی سەرکێشانە دروست بکا، لێ بێگومان ئاکامگیرییەکەی ئامانج پێکە. مرۆ وەک خوێنەرێک بڕوا بەوە دەکا کە هەندێ وردەکاریی سەرتاپای ئەو بوونایەتیە رەنگڕێژکراوە دەتەنێتەوە.

************************************

**سەرچاوە: بەشی کولتووری رۆژنامەی** Svenska dagbaladet**، یەک شەممەی ژێنیوەری 2007.**

**(*)**Jeana Jarlsbo**/** یانە یارلسبۆ دکتۆرای لە ئەدەبی فەرەنسی زماندا هەیە.

**سەرنجێکی کورت: هەڵبەتە وەرگێڕانی ئەو وتارە بۆ کوردی، لە کن من، هەوڵێکە بۆ رێزگرتن لە مێژووی  یادەوەرییە بەهادارەکانی ئەو  مرۆڤ؛ شاعیر و نووسەرە جوامێر و ئازارکێشە شۆڕگێڕانەی جیهان، کە مرۆڤی کوردیش هاوێنەیەکە لە مێژووی ئەو یادەوەرییە. هاوکاتیش وەرگێڕانی ئەو وتارە بەشێکی زۆری لەبەر خاتری ژان مۆلێن و پۆل سیلان، شاعیری جوولەکەی ئەلمانی زمان بوو، کە هەستم کرد یادەوەرییە سۆز وروژێنەکانی سیلان، بە جۆرێک لە جۆرەکان، لە یادەوەرییە سۆزاوییەکانی خودی خۆم و مرۆڤگەلێکی کوردیدا دەچێ؛  یادەوەریی پێشمەرگایەتیی و داستانە زامڕێژەکانی ئەنفالکراوەکان، کە زۆریان لە یادەوەرییە کۆڤاندارەکەی سیلان دەچن. هەڵبەتە سیلان بە یەکێک لە سەرنجکشترین شاعیری ئەلمانی دوای رژێمی نازی دەناسرێ و هزرڤانگەلێکی وەک ئەدرنۆ و دێریدا و... هتد خوێندنەوەی دانسقەیان لەسەر شیعرەکانی ئەو نووسیوە، مخابن ئەوەندی من**

**بزانم زمانی کوردی بەو ئەزموونە نائاشنایە لێ لە ئاکامی ئەو دۆخە خەمینەی بزاڤی کوردیدا، کە ئێستا دەیبینین، هەڵبەتە لە نێوان ئەوانەی کە بەرهەمی ئاکامی یادەوەریی ئەو مێژووە دەخۆن، ئەو هەڵەپاسە کوردانەن کە لە بریندارکردنی ئەو یادەوەرییە شۆڕگێڕانەی ئەنفالکراوەکان بەرپرسیارن، ئێمە ئەو تەرزە یادەوەرییە چڕانەی خۆمان فەرامۆشکردووە. بە کورتی ئەو وتارە لاواندنەوەی ئەو یادەوەرییە سۆزهەڵگرە فەرامۆشکراوانەی خودگەلی مینا خۆم و ئارەزووی ترنجاندنی لایەنە جوانناسییەکانی ئەو وتارەیە لە زمانی کوردییدا، کە ئەمڕۆ بەرخۆر کراوە. لێ باشترین کار ئەوەیە خوێنەری هێژا بۆ ئەوەی بە یادەوەرییە جوانناسییەکانی ئەو مرۆڤانە ئاشنا بێ، سەیری خودی فیلمەکە "ستیزن کانێ" بکا.**

(**هەندرێن، ستۆکهۆلم،**07.1.30 )